حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

Kurdistan Regional Government - Iraq
Ministry of Municipality & Tourism

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مديرية العقود العامة

ژمارە : ٥٨٢٦
ڕێکەوت : ٢١/ ٥ / ٢٠٢٢

No.
Date: / /202

وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزار
دەرچوو

## ئاگاداری

## کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (١- ٢٠٢٢)

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەگشتیەکان کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی ( کڕین و دابینکردن و گواستنەوە و دانان و بەستنی کەل و پەلی پێویست بۆ بینایەی نوێ ی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ) کەمکردنەوەکە کۆمپانیا خۆماڵییەکان دەگرێتەوە بەشێوەی تاک یان هاوبەش (J , V) کە تایبەتن بە دابینکردن ( تجهیز ) بەمەرجێک ڕێگەپێدانیان تازە کرابێتەوە بۆ ساڵی ( ٢٠٢٢ )، وە کۆمپانیای بەشداربوو پێویستە پشتگیری پاکانەی باجی دەرامەتی تازەی هەبێت، وە ئەو کۆمپانیایەی بەشداری دەکات لە کەمگەریەکە پێویستە کاری هاوشێوەی جێبەجێکردبێت بۆ حکومەت لەماوەی ( ١٠ ) دە ساڵی ڕابردوو، وە لەلایەن خاوەن کار پەسەندکرابێت، ئەگەر ئارەزووی بەشداربوونیان هەیە لەم کەمگەریە سەردانی دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان بکەن لە ڕێکەوتی ( ٢٢ / ٥ / ٢٠٢٢ ) بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەک لە بانگەواز و بەڵگەنامەی کەمکردنەوە بۆ دابینکردنی کاڵا بەرامبەر بە گوژمەی ( ٣٠٠,٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینار کە بۆیان ناگەڕێتەوە، وە ڕۆژانە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاوەکو (١) یەکی دوای نیوەڕۆ کاتی فرۆشتنی تەندەر دەبێت، وە دوا کات بۆ کڕینی تەندەر ڕۆژی (پێنج شەممە) ڕێکەوتی ( ١/ ٦ / ٢٠٢٢ ) وە دوا کاتیش بۆ گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دووشەممە) ڕێکەوتی (٥ / ٦ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر ( ١١ ) ی پێش نیوەڕۆ لەگەڵ هێنانی گەرەنتی تەندەر ( ضمان العطاء ) لەگەڵ تەندەرەکە بە بڕی ( ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ ) سی ملیۆن دینار بە شێوەی چەکی پەسەندکراو یاخود دەستەبەری بانکی (خطاب ضمان) لە یەکێک لە بانکەکانی حکومی یان ئەهلی بەمەرجێک لە بانکی هەرێم پەسەند کرابێت، وە ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە (٥٠) پەنجا ڕۆژی ڕۆژ ژمێری یە، بە مەرجێک پێشکەش کردنی تەندەرەکە دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو و مۆرکراو دابێ و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی لەسەر نووسرابێت و پێشکەش بکرێت بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، وەزارەت بۆی هەیە پرۆژەکە نەدات بە کۆمپانیای خاوەن کەمترین نرخ، وە یان پشت گوێ خستنی ئەو تەندەرەی کە هەر جۆرە دەستکاری و ڕەش کردنەوەیەکی لە ژمارەکانی نرخاندنی هەر بڕگەیەکی تەندەرەکە کردبێت، وە پێویستە ئەو کۆمپانیایەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت پابەندبێت بە بڕگە و ماددەکانی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ( ٢٠١٦ )،



Scanned with CamScanner

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئـەنجـومـەنـی وەزیـران
وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگـوزار
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة البلديات والسياحة
مديرية العقود العامة

Kurdistan Regional Government - Iraq
Ministry of Municipality & Tourism

ژمـارە : ٥٨٢٦
ڕێکەوت : ٢١/٥/٢٠٢٢

No.
Date: / /202

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
دەرچـوو

وە کرێی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کەمکردنەوەکەی لەسەر دەگیرسێتەوە وە لە کاتی هەبوونی هەر ناڕوونیەک لە برگەکانی هاتوو لە تەندەر پێویستە کۆمپانیا پێش پڕکردنەوەی تەندەر سەردانی بەڕێوەبەری کارگێڕی و خۆیەتی لە دیوانی وەزارەت بکات.

**هاوپێچ //**

- وێنەیەک لە بەڵگەنامەی ستانداردی کەمکردنەوە بۆ دابین کردنی کاڵا .

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**
٢١/٥/٢٠٢٢

**وێنەیەک بۆ :-**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ نووسراوتان ژمارە (٥٣٩٩ لە ٢٠٢٢/٥/٧)/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی زمێرکاری / بفەرموون بە ئاگاداربوون و ڕاسپاردنی نوێنەرتان بۆ ئامادەبوون لە ڕۆژی کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن/ بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لە (website) وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار / لەگەڵ ڕێزدا .
- پارێزگای هەولێر ( بفەرموون بە ئاگاداربوون و هەڵواسینی بانگەوازەکە لە تابلۆی ئاگاداری / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بۆ ئاگاداریتان و ئاگادارکردنەوەی نوێنەرتان لە لیژنەی کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون/ بۆ ئاگاداریتان و ئاگادارکردنەوەی نوێنەرتان لە لیژنەی کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆژەکان/ بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی / بۆ ئاگاداریتان/لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان/ بۆ ئاگاداریتان و ئاگادارکردنەوەی نوێنەرتان لە لیژنەی کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر / لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ( IT ) بۆ ئاگاداری و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا .
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان / لەگەڵ ڕێزدا .
- لیژنەی ئامادەکردنی تەندەر/ لەگەڵ بەراییەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- لیژنەی کردنەوەی تەندەر/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕۆژنامەی (خەبات , هەولێر) / بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە / لەگەڵ ڕێزدا .
- پرسگەی دیوانی وەزارەت / بۆ هەڵواسینی ئاگادارییەکە / لەگەڵ ڕێزدا .

دلاوەر



Scanned with CamScanner